# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠)　　٢٧٢٤ی کـوردی　　٢٠٢٤ی زایینـــی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کـوردی ٢٠٢٤ی زاییـنـی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# ڕێککەوتن لە تیۆری داتاشینی ڕستەسازییانەدا

حەیدەر حاجی خدر
وەزارەتی پەروەردە
Haider.khdir@su.edu.krd

پ. د. سەباح ڕەشید قادر
کۆلیژی زمان / زانکۆی سەلاحەددین
dr.sabahrashed@yahoo.com

**پوختە:**
تیۆری داتاشینی ڕستەسازییانە پوختەی بۆچوونەکانی ولیەم ئۆگرێدییە، کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١١ دا لە چوارچێوەی کتێبێک و چەند توێژینەوەیەکدا خستویەتییە ڕوو، سنووری کارکردنی تیۆرییەکە سینتاکسە، ڕستە و گرێدانە و کەرەستەی سەرەکیی شیکردنەوەکانی تیۆرییەکەن. هەندێک لە بۆچوونەکانی لەم ڕووەوە لە چوارچێوەی ڕێککەوتن (agreement) دا خستووەتە ڕوو، کە لەو بۆچوونانەی پێشتر لە ئارادا بوون جیاوازن. (ڕێککەوتن لە تیۆری داتاشینی ڕستەسازییانەدا) کە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەیە و هەڵهێنجراوی تێزێکی دکتۆرایە، بە نموونەی ئینگلیزیی و کوردی، هەوڵ دەدات لەسەر دوو خاڵ سەرەکی بوەستێت: یەکەمیان بریتییە لە ڕادەی توانادارییی تیۆرییەکە لە جێبەجێکردنی بە سەر زمانەکانی دیکەدا، چونکە ئۆگرییدی تیۆرییەکەی لەسەر تایبەتمەندییەکانی زمانی ئینگلزیدا داناوە، دووەمیشیان بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو جیاوازیی و سەرنجانەی لە جێبەجێکردنی تیۆرییەکەدا بە سەر زمانی کوردیدا دەکەونەوە.

کلیلەوشە: داتاشینی ڕستەسازییانە، ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی، سیما بنەڕەتییەکان، سیما شوێنکەوتەییەکان، ڕێککەوتنی کەرتی

**پێشەکی:**

**ناونیشـان و پرسـی توێژینەوەکـە:** ئۆگرێـدی لـە (داتاشـینی ڕستەسـازییانە) دا هەندێـك لـە بۆچوونەکانـی لـە چوارچێـوەی ڕێککەوتــن (agreement) لــە زمانــدا خســتونەتە ڕوو، بۆیــە (ڕێککەوتـــن لـــە تیـــۆری داتاشـــینی ڕستەســـازییانەدا) کـــە ناونیشـانی ئـەم توێژینەوەیـە، بـە نموونـەی ئینگلیـزی و کـوردی لەســەر ئــەو بۆچوونانــەی ناوبــراو ڕادەوەســتێت و هــەوڵ دەدات چەنــد لایەنێکــی تیۆرییەکــە، تایبــەت بــە ڕێککەوتــن لــە چوارچێـوەی زمانـی کوردیـدا لێـك بداتـەوە، بـۆ ئـەوەی ئــەو جیــاوازی و ســەرنجانەی لــە میانــەی جێبەجێکردنــی تیۆرەکـە بـە سـەر زمانـی کوردیـدا دەکەونـەوە و پرسـی تـا چەنـد بڕکردنـی تیۆرەکـە لـە زمانەکانـی دیکـەدا بخاتـە ڕوو.

ڕێبــازی توێژینەوەکــە: لــەم توێژینەوەیــەدا ڕێبازێکــی وەســفی – شــیکاری پەیڕەوکــراوە، ئەمــە جگــە لــەوەی هــەوڵ دراوە بــۆ پاســاودانی لێکدانــەوەکان، ڕســتە ئینگلیــزی و کوردییــەکان بەرانبــەر بکرێــن.

**ناوەڕۆکـــی توێژینەوەکـــە:** توێژینەوەکـــە لـــە دوو بەشـــدا خراوەتــە ڕوو. بەشــی یەکەمــی بــۆ هەندێــك لایەنــی تیــۆری تەرخــان کــراوە، تیایــدا چەمکــی ڕێککەوتــن و جۆرەکانــی ڕێککەوتـــن و ڕێککەوتـــن لای ئۆگرێـــدی و چارەســـەرکردنی ڕێککەوتنــی شــوێنکەوتەیی بکــەر/ کاری بــە نموونــەوە خراوەتــەڕوو. بەشــی دووەمیشــی بــۆ خســتنەڕووی پرســی هەڵــی یەکــەم و دەســتبەجێی چارەســەرکردنی ڕێککەوتنــی شـوێنکەوتەیی و ڕێککەوتنی ڕۆنانـە لێکـدراوەکان و کاریگەریـی شـوێن تیایانـدا، بـە نموونـەی جیـاوازەوە، تەرخـان کـراوە. لـە کۆتاییشـدا ئەنجامـەکان خراونەتـە ڕوو و سـەرچاوەی زانیـاری و نموونەکانیــش ڕیــز کــراون.

**ســـنوور و کەرەســـتەی توێژینەوەکـــە:** توێژینەوەکـــە لـــە چوارچێــوەی کوردیــی ناوەڕاســتدا ئەنجامــدراوە، بــەڵام لــە میانـەی جێبەجێکردنـی تیۆرەکـە بەسـەر ئـەم زارەی کوردیـدا و بــۆ خســتنەڕوی وردەکارییەکانــی ڕێککەوتــن لــە تیۆرەکــەدا، توێژینەوەکــە جگــە لــە ڕســتەی ئاســایی و ســەرزار، چۆتــە دووتوێــی شـیکردنەوەی هەندێـك نمونـە، کـە لـە بنزارەکانـی سـنووری کوردیـی ناوەنـدی وەرگیـراون، ئەمـە وێـڕای هەندێـك نموونــە، کــە بــە توانســتێکی ئەدەبــی بەرهــەم هاتــوون.

**بەشی یەکەم: ڕێککەوتن لە داتاشینی ڕستەسازییانەدا**


**١ - ١ ڕێککەوتن و سیماکان**

ئەگـــەر ڕێککەوتـــن گونجانـــی پەیوەندیـــی نێـــوان کەرەســـتەکان بێــت لــە ڕســتەدا، یاخــود ئــەوە بێــت، کــە فۆرمــی تایبەتــی وشــەیەك پێویســتی بــە فۆرمــی وشــەیەکی دیکـە ببێـت تـا بتوانێـت لـە ڕسـتەدا لەگەڵیـدا ڕێـك بکەوێـت (Crystal,1992:78) ئــەوا ڕێککەوتــن لــە ڕســتەدا بریتییــە لــە پەیوەندیــی نێــوان ســیما و تایبەتمەندییەکانــی ئــەو وشــانەی، کـە پێویسـتە لـە ڕووی (ژمـارە و کـەس و ڕەگـەز) ەوە لەگـەڵ یەکـدا ڕێـك بکـەون. سیسـتەمی ژمێـرکاری، وەك جێبەجێـکاری داتاشــینی ڕســتە لــە تیــۆری داتاشــینی ڕستەســازییانەدا، لــە جووتکـردن یـان هاوسـیماکردنی کار و ئـەو پێکهێنـەی ڕسـتە، کــە پێویســتە لەگەڵیــدا ڕێــك بکەوێــت، لەســەر بنەمــای ســیماکانی هــەردوو جەمســەری ڕێککەوتنەکــە، کار دەکات.

ســـیماکان بریتیـــن لـــەو تایبەتمەندییانـــەی، کـــە کار لـــە ڕســتەدا لــە ڕووی ژمــارە و کــەس و ڕەگــەزەوە هەیەتــی و پێویســتە لەگــەڵ پێکهێنێکــی دیکــەی نــاو ڕســتەکەدا، کــە کەرەســتەیەکی ناوییــە و ئەرگومێنتێکــی کارەکەیــە و هەمــان ســیما و تایبەتمەندییەکانــی کارەکــەی هەیــە، ڕێــك بکەوێــت، دەکرێــت بــەم هێڵکارییــەی خــوارەوە بنوێنرێــت:






لێکســـیکۆن، کـــە لـــە تیـــۆری داتاشـــینی ڕستەســـازییانەدا کەرەسـتەی پێویسـت بـۆ داتاشـینی ڕسـتە دەخاتـە بەردەسـت سیســـتەمی ژمێرکارییـــەوە، ســـیماکان لـــە کار و کەرەســـتە ناوییـەکان بـار دەکات و سیسـتەمەکەش لـە میانـەی داتاشـینی ڕســتەدا، بــە کردەکانیــەوە ڕێککەوتنــی نێوانیــان دەنوێنێــت.




وەك لە هێڵكارییەكەدا دیارە، ئەوەی لێكسیكۆن خستوویەتیە بەردەست سیستەمی ژمێركارییەوە، هەمووی بە جیاوازیی سیماكانی خۆیانەوە نوێنراون و ڕێككەوتنی نێوانیان هیچ ناجۆرییەكی بەخۆیەوە نەبینیوە. لێكدانەوەی هێڵكارییەكە ئاوایە: لێكسیكۆن سیمایەكی دیاریكراو بەپێی (كەس / ژمارە / ڕەگەز - لە ڕێككەوتنی هەندێك زماندا هەر تەنیا كەس و ژمارە دەبینرێت، وەك: كوردی) بە فۆڕمی كار و كەرەستەیەكی ناوی ناو ڕستەكە بەخشیوە، سیستەمی ژمێركاری لەسەریەتی ڕێككەوتنی ئەم دوو پێكهێنەرەی ڕستە لەگەڵ یەك ڕابگەیەنێت.

ئەركی سیستەمی ژمێركاری لە ڕاگەیاندنی ڕێككەوتنی نێوان كار و كەرەستە ناوییەكە ئەو كاتە زەحمەت دەبێت، كە مەرج نییە دوو كەرەستەكە لەسەر بنەمای سیما دیاریكراوەكان لەگەڵ یەك هاوسیما بن. سەیری ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە بكە (بڕوانە: O'Grady, 2005: 91):




لە دوو نموونەكەی سەرەوەدا، فۆڕمی ناو سیمای كۆی هەڵگرتووە، بە پێچەوانەشەوە ڕستەی وا هەیە فۆڕمی ناو بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەكی وای پێوە بێت، كە سیمای كۆی هەڵگرتبێت، كارەكە لە ڕێككەوتندا ئاماژە بە كۆ دەكات، وەك لە خوارەوەدا ڕوون كراوەتەوە:




وەك لە هێڵكارییەكەدا دیارە، ناوەكە هیچ گیرەكێكی وای پێوە نەنووساوە، كە گوزارشت لە سیمای كۆ بكات، لە كاتێكدا كارەكە كۆیە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، كە ناو و جێناو گوزارشت لە زیاتر لە سیمایەك بكەن یان هەڵگری زیاتر لە سیمایەك بن، ئەمەش لە داتاشینی ڕستەدا دەردەكەوێت، كە لێكسیكۆن ئەو كەرەستانەی بە چ سیمایەكەوە هەڵگرتوون و خستوونەتە بەردەستی سیستەمی ژمێركارییەوە.


**١ - ٢ جۆرەكانی ڕێككەوتن**

ئۆگرێیدی، لە داتاشینی ڕستەسازییانەدا، لە پرسی لێكدانەوەی ڕێككەوتندا بە دوای دەروازەیەكدا گەڕاوە، كە لە نێوان كار و ئەو وشەیەی لەگەڵیدا ڕێك دەكەوێت، ڕێككەوتن بەسەر دوو جۆردا دابەش بكات، تا ڕێككەوتنەكە بە سەر هەر دوو تایەكدا هاوسەنگ بكات. بۆ ئەمە پەنای بۆ ئەو كارانەی پێشتر بردووە، كە ڕێككەوتنیان لە نێوان سنووری پێكهاتەی گرێیەكان و نێوان بكەر و كاردا جیا كردۆتەوە، لەم سۆنگەیەوە جیاكردنەوەكەی (Wechsler & Zaltic 2000) هێناوەتەوە.

لە پرۆپۆزەڵە هاوبەشەكەی (Wechsler & Zaltic) دا جەخت لەسەر ئەوە كراوەتەوە، كە پێویستە جیاوازی لە نێوان ڕێككەوتنی نیشانەكراو (*index agreement*) و كۆنكۆرد (*concord*) دا بكرێت، چونكە هەرچی ڕێككەوتنی نیشانەكراوە، ئاماژە بەو نیشانە سەرچاوەییانە دەكات، كە ناوەڕۆكە لێكسیكی و سیمانتیكییەكانی ئەو ناوەی لەگەڵ كاردا ڕێك دەكەوێت دەگرێتەوە، بەڵام هەرچی كۆنكۆردە تایبەتمەندییە مۆڕفۆسینتاكسییەكانی سەرە لە گرێدا یان ڕێككەوتنی نێوان دیارخەر و دیارخراو لە گرێدا دەخاتە ڕوو (بڕوانە: O'Grady, 2005: 92).


ئەم جیاكردنەوەیە بۆ ناوەڕاستی هەشتاكان دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی بۆ بۆچوونەكانی (Christian Lehmann) كاتێك ناوبراو لە چوارچێوەی لێكۆڵینەوەیەك بە ناوی (*On the function of agreement*) لە میانەی كۆنفرانسەكەی ئۆكتۆبەری 1984 ی تایبەت بە (*Agreement in Natural Language*) دا جۆرەكانی ڕێككەوتنی لە نێوان ڕێككەوتنی ناوەكی (*internal agreement*) و ڕێككەوتنی دەرەكی (*external agreement*) دا دیاری كردووە (بڕوانە: Lehmann, 1988: 55-66).

سێرجیۆ ڕاڤیرا لە (*Two Types of Agreement*) دا ئاماژە بەوە دەدات، کە (*concord / internal agreement*) ڕێککەوتنی ناو خودی گرێیەکانە و کەتیگۆریی ژمارە و ڕەگەز و دۆخ لە نێوان ناو و دیارخەرەکانی دەخاتە ڕوو. هەرچی (*index agreement / external agreement*) ە ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کار لە ڕستەدا دەخاتە ڕوو (بڕوانە: Ravera 1992: 1 - 2). سەیری ئەم هێڵکارییەی خوارەوە بکە:




لە هێڵکارییەکەدا دوو ڕێککەوتنەکە بە تەواوی دیارن، یەکێکیان ناوەکییە و لە ناو گرێیەکەدا دەبینرێت، کە لە نێوان ناو و دیارخەرەکەیدایە، ئەوەی دیکەشیان دەرەکییە، کە لە نێوان بکەر و کاری ڕستەکەدایە.

لە کوردیدا ئەمە لەو گرێیانەدا بە زۆری دەردەکەوێت، کە ژمارە دەبێتە دیارخەری ناوێك، چونکە کاتێك ژمارەی بنجی چەندیەتیی ناوێك ڕادەگەیەنێت، خۆی لە پێش ناوەکەوە دێت، هەرچی ناوەکەشە بە دوو شێوە دەردەکەوێت: یان بە شێوەی تاك یان بە شێوەی کۆ، جگە لە ژمارەی بنجی یەك (مارف، 1998: 64). سەیری نواندن و لێکدانەوەی ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکە:




وەك لە لێکدانەوەی نموونەکەدا دیارە، لە گرێی (پێنج کۆڵانان) دا، دیارخەرەکە ژمارەیە و دیارخراوەکەش ناو، بەڵام ژمارەکە ئامرازی (ان) ی کۆکردنەوەی بەسەر ناوەکەدا سەپاندووە، ناوەکە بەهۆی ئامرازەکەوە، ژمارەکەش بەهۆی ئەوەی، کە سیمای کۆ ڕادەگەیەنێت، چوونەتە ناو ڕێککەوتنێکی ناوەکییەوە، کە پەیوەندییەکانی لە چوارچێوەی گرێیەکەدا زیاتر بڕ ناکات.

ئۆگرێیدی لە بۆچوونەکانیدا ئەم کار و شیکردنەوانەی پێشتر دەکاتە دەروازەیەك، تا لێیەوە ڕێککەوتنەکەی خۆی، لە چوارچێوەی داتاشینی ڕستەسازییانەدا، لە زەمینەی واقیعدا جێبەجێ بکات.

**١ - ٣ ڕێککەوتنەکەی ئۆگرێیدی**


ئۆگرێیدی تەنیا بۆ ئەوە بە دوای خستنەڕووی ئەو جیاوازیانەدا گەڕاوە تا لە میانەی ئەو دابەشکردن و جیاکردنەوانەدا، جەخت لەسەر ئەو ڕێککەوتنە بکاتەوە، کە سیستەمی ژمێرکاری لە چوارچێوەی داتاشینی ڕستەسازییانەدا پێیەوە خەریك دەبێت، بۆ ئەمەش هەموو ئەو جیاوازییانە بەلاوە دەنێت و جەخت لەسەر پرس یان بنەڕەتی شوێن (*location*) دەکاتەوە، تاوەکو لەسەر ڕۆڵی سیستەمی ژمێرکاری بوەستێت، بەوەی ئاخۆ کامە ئەرگومێنتی کار لە داتاشینی ڕستەدا سیماکانی هەردوو جۆری ڕێککەوتنەکە هەڵدەگرێت.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم شێوازە لە پرسی ڕێککەوتندا، ئۆگرێیدی بە سەر خودی سیماکاندا دەچێتەوە و پرسەکە بە سیماکانەوە دەبەستێتەوە، پێی وایە دەبێت سیماکانی هەردوو جۆرەکە، چ سیماکانی کۆنکۆرد (*concord features*) بن، چ سیماکانی نیشانەکراو (*index features*) بە سەر دوو جۆردا دابەش بکرێن، کە بریتین لە (بڕوانە: O’Grady, 2005: 92):

١- **سیما بنەڕەتییەکان** (*basic features*): ئەو سیما لێکسیکیانەن، کە لە خودی پێکهێن یان توخمەکاندا هەن و لە دەرەوەی خۆیانەوە وەرنەگیراون.

٢- **سیما شوێنکەوتەییەکان** (*dependent features*): ئەو سیمایانەن، کە لەگەڵ سیمای پێکهێنەکانی دیکە، لە شوێنێکی دیکەی ڕستەکەدا، جووت و هاوسیما یان هاونیشانە بن.

هەردوو خاڵەکەمان، بەم هێڵکارییەی خوارەوە، لەسەر نموونەیەکی کوردی و ئینگلیزیدا لێك داوەتەوە:



third person and singular features سیمای کەسی سێیەمی تاك

بەپێی هێڵکارییەکە: هەر یەکە لە (John / جۆن) و (tow apples / دوو سێو) کە سیمای کەسیی سێیەمی تاك و سێیەمی کۆیان هەڵگرتووە، سیمای بنەڕەتین، چونکە سیماکەیان لە لایەن هیچ پێکهێنێکی دیکەی ناو ڕستەکە پێ نەدراوە، بەڵام کاری ڕستەکە، کە سیمای کەسی سێیەمی تاکی هەڵگرتووە، سیمایەکی شوێنکەوتەییە، چونکە سیماکە پێویستە لە ڕستەکەدا لەگەڵ سیمای یەکێك لە دوو پێکهاتەکەی پێشتر جووت و هاوسیما ببێت، ئەو سیمایەی، کە لە چوارچێوەی پێکهاتەی کاردا دەبینرێت، هاونیشانەکراوی سیما بنەڕەتییەکەن لە پێکهاتەی کاردا. بەم پێیە ئۆگرێیدی ئەو ڕێککەوتنەی لە ئەنجامی جوتبوونی ئەو سیمایانەی کاری ڕستەکە هەڵیگرتوون، لەگەڵ سیمای پێکهێنی بکەر لە ڕستەدا، دەکەوێتەوە، لە داتاشینی ڕستەسازییانەدا بە ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی (*agreement dependency*) ناوزەد دەکات (O'Grady, 2005: 92). ئەم جۆرە ڕێککەوتنەش چارەسەرکردنی پێویستە و سیستەمی ژمێرکاری بە چارەسەرکردنەکەیەوە خەریك دەبێت.

**١ - ٤ چارەسەرکردنی ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی**

لە زمانی ئینگلیزیدا، کە تیۆرەکەی ئۆگرێیدی پێ نووسراوە و داڕێژراوە، سیما شوێنکەوتەییەکان لە دوو شوێندا دەردەکەون:

١- بە قەدی چاوگی کارە ناپێوانەییەکانەوە، بۆ نموونە کەسی یەکەمی تاك، سێیەمی تاك و .....تد وەك لە خوارەوە نوێنراوە:





٢- بە گیرەك (پاشگر) ە ڕێزمانییەکانەوە، ك بە کارەکەوە دەنووسێن، بۆ نموونەوە: (s) بۆ کەسی سێیەمی تاك و (Ø) بۆ هەموو ئەوانەی دیکە، ئەمە لە کوردیدا ڕوونتر دەردەکەوێت، چونکە پێکهاتەی کار لە یەك کاتدا سێ سیما هەڵدەگرێت، کە بریتین لە: یەکەمیان: (کەس و ژمارە) جێناوێکی لکاو بەرجەستەیان دەکات. دووەمیان (کات) مۆرفیمێکی ڕێزمانی دەینوێنێت، هەر لەبەر ئەمەشە ڕستە لە کوردیدا دەکرێ بچێتە قالب و دوتوێی وشەیەکەوە. بۆ نموونە: لە پێکهاتەیەکی مۆرفۆسینتاکسی وەك (دەچین) دا، هەر سێ سیماکە بە زەقی دەردەکەون، ڕەگی کار و ئەسپێکتەکە کاتی کارەکە دەردەخەن، جێناوە لکاوەکەی (ین) یش سیمای کەس و ژمارە.

ئۆگرێیدی لە نواندنی دووەمیاندا پەنای بردۆتە بەر نواندنەکانی ئەلیزابێس سێلکرك لە چوارچێوەی تیۆری سینتاکسی وشە (The Syntax of Words) دا، چونکە کار لە تێڕوانینی چارەسەرکردنی ڕێککەوتنەکەی ئۆگرێیدیدا:

١- تۆڕی ئەرگومێنتەکەی لە قەد (stem) ی کارەوە وەردەگرێت.
٢- سیماکانی ڕێککەوتنەکەشی لە گیرەکەکانیەوە.


ئەم جۆرە نواندنانە لە سینتاکسی وشەدا، بەڕوونی دەردەکەون، چونکە سێلکرك لە شیکردنەوەی پێکهاتەی وشەدا، زانیارییەکانی هەموو کەرتێکی پێکهاتەکە ڕوون دەکاتەوە. بۆ نموونە:




١- کارەکە لە دوو کەرت پێك دێت، یەکەمیان ڕەگی کارەکەیە و دووەمیشیان گیرەکەکەیە (لە کوردیدا نووسەك).
٢- کەرتی یەکەمی کارەکە، کە ڕەگێکی تێنەپەڕە، یەك ئەرگومێنت ناسنامەی هێزەکەیەتی و ناسنامەکە بۆ ناو تۆڕی ئەرگومێنتی (runs) سەر دەخات.

٣- کەرتی دووەمی کارەکە، کە گیرەکێکی ڕێزمانییە (نووسەکەکە لە نموونە کوردییەکەدا)، سیمای کەسی سێیەمی تاکی هەڵگرتووە، سیماکە بۆ کۆی پێکهاتەی کارەکە سەر دەخات.

ئەگەر ئەمە چوارچێوەی گشتیی ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی بێت، ئەوا هەر لەو میانەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت، بەوەی ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ پرسیارەکە بێ چەند و چوون یەك وەڵامی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە بەپێی پێویستییەکانی توانست، پێویستە ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکە لە یەکەم هەڵدا چارەسەر بکرێت. هەڵی یەکەمی چارەسەرکردنەکەش ڕاستەوخۆ دوای چارەسەرکردنی ئەرگومێنتە شوێنکەوتەییەکە دەبێت، کە سیمای ناوی هەڵدەگرێت. سەیری ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:




١. ڕەگی کارەکە یەك کەرەستەی ناوی پێویستە، کە (هارڤی / Harvey) یە.


٢. ڕەگی کارەکە نووسەکێکی بە سیمای کەسی سێیەمی تاك پێوەنووساوە، کە لە کەس و ژمارەدا هەمان سیمای کەرەستە ناوییەکەی هەیە.

بەم پێیە کارەکە لە هەنگاوی یەکەمیدا خۆی بە ئەرگومێنتی یەکەمەوە دەبەستێتەوە، بەمەش ئەگەری هەڵی چارەسەرکردنی ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکە دێتە پێشەوە. ڕێککەوتنە هەمیشە بە کارەوە پەیوەستە و دەبێت کار بە پێکهێنێکی دیکەی ڕستەکەوە هاوسیما بێت.

### ١ – ٥ ڕێککەوتنی بکەر و کار

لە داتاشینی ڕستەسازییانەدا پێش نواندن و چارەسەرکردنی ڕێککەوتنی بکەر / کار، نواندن و چارەسەرکردنی ئەرگومێنتەکانی کار پێویستییەکە، چونکە کار لە بۆچوونەکانی ئۆگرێیدیدا هەڵسوڕێنەری ڕستەیە و خاوەنی تۆڕێکی زانیارییە، کە ئەرگومێنتەکانی تێدا تۆمار دەکرێن.


لەو ڕستەیەی پێشتر هێنامانەوە، ڕێککەوتنەکە بەپێی سیما بنەڕەتییەکان و سیما شوێنکەوتەییەکان دیاری دەکرێت، بۆ ئەمە ئۆگرێیدی لە بابەت سیما بنەڕەتییەکانەوە پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە ژمارە بە ژمارە ڕۆمانییەکان و کەس بە پیتی گەورە بنوێنرێت، لە بابەت سیما شوێنکەوتەییەکانیشەوە پێشنیازی ئەوەی کردووە ژمارە بە ژمارە عەرەبییەکان و کەس بە پیتی بچووك بنوێنرێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەمەش دوو هەنگاو پێویستن، لە هەنگاوێکیاندا چارەسەرکردنی ئەرگومێنتە شوێنکەوتەییەکەی کار دەخاتە ڕوو، لە هەنگاوەکەی دیکەشدا ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکە. وەك لە خوارەوەدا خراوەتە ڕوو (بڕوانە: O' Grady, 2010: 269):




وەك لە هێڵکارییەکەدا دیارە، سیستەمی ژمێرکاری لە هەنگاوی یەکەمدا، کارەکەی بە ئەرگومێنتی یەکەمەوە بەستۆتەوە، بەمەش شوێنکەوتە سەرچاوەییەکەی چارەسەر کردووە. لە هەنگاوی دووەمیشدا، واتە دوای چارەسەربوونی شوێنکەوتە سەرچاوەییەکە، دەرفەت و هەلی ئەوەی کەوتۆتە بەردەست تا ڕێککەوتنی نێوان ئەرگومێنتی یەکەمی کارەکە و خودی کارەکە بنوێنێت و ڕایی بکات، هێمای تیك (√) لە ناو تۆڕی سیما شوێنکەوتەییەکانی کارەکەدا، ئەوە بەرجەستە دەکات کە ڕێککەوتنەکە چارەسەر بووە. هەردوو هەنگاوەکە بەم کردە بیرکاری و لۆژیکییەی خوارەوە دەنوێنرێن:




لەو کارانەی تێپەڕیشن، ئەم پرەنسیپەی سەرەوە لە بابەت ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکەوە، هەر بە هەمان ئاراستەدا دەڕوات و پێویستە لە یەکەم هەڵدا چارەسەر بکرێت. سیستەمی ژمێرکاری ڕستەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە بە دوو هەنگاو دادەتاشێت:




١- کاری ڕسـتەکە، کـە تێپـەڕە، دوو ئەرگومێنتـی هەیـە، لـە هەنـگاوی یەکەمـدا بـە ئەرگومێنتـی یەکەمیـەوە بەسـتراوەتەوە، کـە بکـەرە، لـە هەنـگاوی دووەمیشـدا بـە ئەرگومێنتـی دووەمییـەوە بەسـتراوەتەوە، کـە بـەرکارە.

٢- هەرچەنـدە سـیمای بنەڕەتیـی هـەردوو کەرەسـتە ناوییەکـە (**مـاری**) و (**ئۆتۆمبێلێـك**) هەردووکیـان کەسـی سـێیەمی تاکیـان هەڵگرتـووە، بـەڵام ڕێککەوتنەکـەی کار شـوێنکەوتەی بکەرەکەیەتـی (واتـە: مـاری)، کـە سـیماکانیان هاوتـان، هـەر بۆیـەش سیسـتەمی ژمێـرکاری لـە یەکـەم هەڵـدا دوای چارسـەرکردنی شـوێنکەوتە سـەرچاوەییەکە، ڕێککەوتنـە شوێنکەوتەییەکەشـی بـە تیککردنـی نـاو تۆڕەکـە چارەسـەر کـردوە و ڕێککەوتنـی بـەرکار/ کاریشـی وەلانـاوە.

٣- وەلانانـی ڕێککەوتنـی بـەرکار/ کار لـەو زمانانەدایـە، کـە ڕێککەوتنـی پێکهێنـەکان لـە نێـوان بکـەر و کاردایـە و بـە (*subject agreement*) نـاسراون، ئەگەرنـا ئـەو زمانانـەی ئێرگەتیڤیـن، سیسـتەمی ژمێـرکاری دەبێـت سـیماکانی شـوێنکەوتەییەکانی کار لەگـەڵ بـەرکاردا جـووت بـکات نـەك بکـەر، لـە کوردیـدا ئەگەرچـی ڕێککەوتنـی بـاو ئەوەیـە، کـە لـە نێـوان بکـەر و کاردا هەیـە، بـەڵام زۆر جـار ڕووبـەڕووی ئـەو جـۆرە ڕسـتانەش دەبینـەوە، کـە ڕێککەوتنەکەیـان ئێرگەتیڤانەیـە (لـە بەشـی دووەمـی ئـەم باسـەدا بـە نموونەیـەك ڕوونـی دەکەینـەوە).

لەژێـر ڕۆشـنایی ئەمـەی سـەرەوەدا، هەندێـك جـار سیسـتەمی ژمێـرکاری دەکەوێتـە دووڕیانێکـەوە، بەشـێوەیەك بـە هـەر کام لـە دوو ڕێگاکـەدا بـڕوات، ئەنجامەکـەی ناڕێزمانـی دەردەچێـت. سـەیری لێکدانـەوەی لەتـی دووەمـی ئـەم دێـرە شـیعرەی خـوارەوە بکـە:

زێنەبێ وەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێڕە
ئوممەتی موحەممەدیم لە دینم وەرمەگێڕە




وەك لـە نواندنەکـەدا دیـارە، کەرەسـتەی نـاوی (ددان) بەهـۆی دیارخەرێکـەوە، کـە هاوەڵنـاوی ژمـارە (دوو) ە سـیمای (+کـۆ) ی هەڵگرتـووە، بـەڵام سیسـتەمی ژمێـرکاری لەژێـر داواکارییەکانـی توانسـت (فەرهەنـگ) ەوە هـەر سیمای (+تـاك) ی لەبەردەسـت بـووە تـا هـەردوو سـیمای بنەڕەتـی و سـیمای شـوێنکەوتەیی پـێ بباتـە نـاو پرسـی چارەسـەرکردنی ڕێککەوتنـی شـوێنکەوتەییەوە. سیسـتەمەکە ناچـارە ڕێککەوتنـە شـوێنەکەوتەییەکە چارەسـەر بـکات، چونکـە وەك پێویسـتییەك و یەکێـك لـە ئەرکـە لەپێشـینەکانی، دەبێـت لـە یەکـەم هەڵـی بەسـەر ڕاگەیشـتندا ڕێککەوتنەکـە چارەسـەر بـکات، بۆیـە دوای ئـەوەی شـوێنکەوتە سـەرچاوەییەکەی چارەسـەر دەکات و کارەکـە بـە ئەرگومێنتەکانییـەوە دەبەسـتێتەوە، خـۆی لەبـەردەم دوو ئەگـەردا دەبینێتـەوە:


١. یـان دەبێـت داواکارییەکانـی توانسـت، بـەوەی خراوەتـە ژێـر دەسـتی، لەژێـر کاریگەریـی سیسـتەمێکی دیکـە (پراگماتیـك) جێبەجـێ بـکات و لـە تیککردنـی ڕێککەوتنەکـە بـەردەوام بێـت.
٢. یان دەبێت هاونیشـانە و جووتکردنـی سیما بنەڕەتییـەکان و شـوێنکەوتەییەکان لەگـەڵ یـەك فەرامـۆش بـکات و تـۆڕی ڕێککەوتنەکـە تیـك نـەکات.

لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا، ئەنجامەکـە لـە ڕووە لۆژیکـی و ڕێزمانـی و لێکدانـەوە واتاییەکەیـەوە، هـەر چـاوەڕوان نەکـراوە و ڕەت دەکرێتـەوە، بـەڵام ئەمـە دەروازیەکـی دیکـە، لەسـەر پێناسـەکردنەوەی چەمکـی توانسـتدا دەکاتـەوە، بـە تایبەتـی لـە کوردیـدا، ئەویـش توانسـتی ئەدەبییـە لـە پـاڵ توانسـتی زمانیـدا، کـە سیسـتەمی ژمێـرکاری بکەویتـە ژێـر کاریگەرییەکەیـەوە، لـە کاتێکـدا لـە زمانـی ئینگلیـزدا، کـە تیۆرییەکـەی پـێ نـووسراوە، سیسـتەمی ژمێـرکاری ڕووبـەڕووی ڕسـتەیەکی لـەو جـۆرە نابێتـەوە.

**بەشی دووەم/ جۆر و هەل و هەنگاوەکانی ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی**

**٢ - ١ هەلی یەکەم و ڕێککەوتن**


لە داتاشینی ڕستەسازییانەدا، سیستەمی ژمێرکاری، ئەو وشانەی (*dummy*) ن لە نێوان بەستنەوەیان وەك ئەرگومێنتی یەکەمی کارەکە و پرسی ڕێککەوتن، بە دوو شێوە ڕەفتار دەکات.




١- کارەکە وەك یەکەم ئەرگومێنتی خۆی، لە ناو تۆڕی ئەرگومێنتەکەیدا، جێیان بۆ دەکاتەوە و دەیانوێنێت و چارەسەریان دەکات، بەڵام هەمیشە هێمای (N.) یان پێ دەدات، واتە کار ڕۆڵی بابەتانە بەم کەرەستانە نادات.

٢- ئەم جۆرە کەرەستانە بەهۆی ئەوەی بە بێسیما (*featureless*) ییەوە لە لێکسیکۆنەوە هاتوونەتە بەردەستی سیستەمی ژمێرکارییەوە، بۆیە هیچ دەرفەت و هەلێك بە کاری ڕستەکە نادەن تا ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکەیان چارەسەر بکات، بۆیە کارەکە پەنا دەباتە بەر ئەرگومێنتی دووەمی خۆی و بەدوای هەلێکدا دەگەڕێ بۆ نواندنی ڕێککەوتنەکە، ئەمە پێی دەگوترێ هەلی یەکەم (یەکەمین هەل).

ئەمە لە کوردیدا نابینرێت و ڕوو نادات، چونکە زمانەکە بوار بە پەیکەر (*dummy*) بوونی هیچ ئەرگومێنتێك نادات، بۆیە سیستەمی ژمێرکاری ئەم ڕستەیەی سەرەوە لە کوردیدا بەبێ هیچ گرفتێك ئەو ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەی، کە کار پێشکەشی دەکات، لە یەکەم هەلدا چارەسەر دەکات.




١- کاری ڕستەکە لە لێکسیکۆنەوە یەك هێزی بۆ دانراوە، کە بکەرە و کەرەستەیەکی ناوییە.

٢- کارەکە تۆڕێکی ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی پێشکەش کردووە، سیما شوێنکەوتەییەکانی خۆی کە بریتییە لە (کەسی سێیەمی کۆ) لە تاکە ئەرگومێنتەکەیەوە بەدی کردووە، بۆیە کاتێك هەردوو سیماکە لەگەڵ یەك هاونیشانە و جووت دەبن، هاونیشانەییەکە لە ناو تۆڕی ئەرگومێنتی ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکە، وەك چارەسەرکردنی ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکە تیك کراوە. (تیك: واتە هێمای √)

٣- کەرەستە ناوییەکە لە لێکسیکۆنەوە بە هەردوو سیمای تاك و کۆ هەڵدەگیرێت، هەر بەو شێوەیەش دەخرێتە بەردەست سیستەمەکەوە، بەڵام لە ڕستەکەدا کەرەستە شوێنکەوتەکەی کەرەستە ناوییەکە یەکێك لە دوو سیماکە کارا دەکات، بۆیە لە ڕستەکەی سەرەوەدا، کەرەستەی ناویی (**کتێب**) هەردوو سیماکەی لە لێکسیکۆنەوە هێناوە، بەڵام شوینکەوتەکەی، کە (**ن**) ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆیە لە چوارچێوەی پێکهاتەی کاردا، بڕیار لەسەر کاراکردنی (+کۆ) یەکەی کەرەستەکە دەدات.

**٢ - ٢ لە نێوان چارەسەرکردنی دەستبەجێ و هەلی یەکەمدا**

داتاشینی ڕستەسازییانە لە چارەسەرکردنی ڕێککەوتنی شوێنکەوتەییدا پرسی ڕێککەوتن دەخاتە سەر شانی سیستەمی ژمێرکارییەوە، سیستەمەکەش ڕێککەوتنەکە لە نێوان چەمکی چارەسەرکردنی دەستبەجێ (*immediately*) و یەکەمین هەل (*first opportunity*) دا لێك دەداتەوە (بڕوانە: O' Grady 2008 : 147).

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بێت، مەرج نییە هەموو پێکهێنێکی ڕستە، کە پێویستە لەگەڵ پێکهێنێکی دیکەی ڕستەکەدا ڕێك بکەوێت، لە یەکەم هەنگاو و دەستبەجێ چارەسەر ببێت، بەڵکو دەکرێت چارەسەرکردنەکە بۆ یەکەم هەل بەجێ بهێڵرێت.

لە نێوان چارەسەرکردنی دەستبەجێ و یەکەم هەلدا بەیەکداچوونێك هەیە، بەیەکداچوونەکە لەوەدا سەرچاوەی گرتووە، کە دەکرێت لە هەنگاوێکدا ڕێککەوتنەکە هەردوو

حاڵەتەکـە بگرێتـەوە.

سەیری ئەم دوو نواندنەی خوارەوە بکە:





وەك لـە هێڵکارییەکـەدا دیـارە، سـەمتی سیسـتەمی ژمێرکاریی سـەرەتا بەسـەر پێکهێنـی (one / یەکێـك) دا ڕاگەیشـتووە، کـە بکـەری ڕسـتەکەیە، بکەرەکـە بـەو فۆرمـەی هەیەتـی هـەر لـە لێکسـیکۆنەوە سـیمای کەسـی سـێیەمی تاکـی هەڵگرتـووە، سیسـتەمەکە سـیماکە لەگـەڵ خـۆی دەباتـە نـاو تـۆڕی ڕێککەوتنـی شـوێنکەوتەیی کارەکـە و لەگـەڵ سـیمای کارەکـەدا هاونیشـانەی دەکات، کـە (s / ێـت) ی کەسـی سـێیەمی تـاك سـیماکە دەنوێنێـت، بەمـەش ڕێککەوتنـە شـوێنکەوتەییەکە لـە یەکـەم هەڵـدا چارەسـەر دەبێـت و ڕێککەوتنەکـە بـەردەوام نابێـت، نیشـانەی تیك (√) یش وەك نیشـانەی چارەسـەرکردنەکە دەخرێتـە نـاو تـۆڕی ڕێککەوتنـە شـوێنکەوتەییەکەوە.




هێڵکارییەکـە ئـەوەی ڕوون کردۆتـەوە، کـە سیسـتەمی ژمێـرکاری لـە یەکـەم دەرفەتـدا، وەك یەکـەم ئەرگومێنتـی کار، بەسـەر پێکهێنـی (there) دا ڕاگەیشـتووە، بـەڵام نەیتوانیـوە بـۆ پرسـی ڕێککەوتـن لەسـەری بووەسـتێت، چونکـە لێکسـیکۆن تایبەتمەندیـی بێسـیمایی بـەو پێکهێنـە بەخشـیوە، بۆیـە سیسـتەمەکە لـە ڕێـڕەوی خـۆی بـەردەوام دەبـووە و چۆتـە سـەر ئەرگومێنتـی دووەمـی کارەکـە، کـە (paper) ە، بەمـەش سـیمای کارەکـە، کـە کەسـی سـێیەمی تاکـە لەگـەڵ ئەرگومێنتەکـە هاونیشـانە کـردووە و ڕێککەوتنـە شـوێنکەوتەییەکە چارەسـەر کـردووە، (√) وەك نیشـانەی چارەسـەرکردن خراوەتـە نـاو تـۆڕی ڕێککەوتنـی شـوێنکەوتەیی کارەکـەوە، ئیـدی پێویسـتی بـەوە نەبـووە بـۆ پرسـی ڕێککەوتنـی بکـەر و کار زیاتـر بـەردەوام بێـت، چونکـە لـە یەکـەم هەڵـدا چارەسـەری کـردووە.

پێشـتر ئاماژەمـان بـەوە دا، کـە کـوردی، لـە ڕسـتەی ئاسـاییدا، بـوار بـە پەیکەربوونـی ئەرگومێنتەکانـی کار نـادات، بۆیـە ئـەم گرفتـە لـە کوردیـدا ڕووبـەڕووی سیسـتەمی ژمێـرکاری نابێتـەوە، لەبەرانبـەر ئـەوەدا لـە ڕابـردووی تێپەڕدا گرفتێکـی دیکـەی ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە، کـە دەچێتـە خانـەی ئێرگەتیڤـەوە. لـە خـوارەوە سـەیری لێکدانـەوەی ڕسـتەی (پاشـا وەزیرەکانـی بانـگ کـردن) بکـە:




وەك لـە هێڵکارییەکـەدا دیـارە، سیسـتەمی ژمێـرکاری سـەرەتا لـە یەکـەم هەنـگاودا بەسـەر تۆڕێکـی سـیمای بنەڕەتـی کەوتـووە، سـیماکە لـە یادگەیـدا هەڵدەگرێـت، بـە سـەر پێکهێنەرەکانـی دیکەداشـدا دەڕوات، لـە هەنـگاوی دووەمـدا بەسـەر تۆڕێکـی دیکـەی سـیمای بنەڕەتیـدا دەکەوێـت، ئەویشـیان لـە یادگەدا هەڵدەگرێـت، لە هەنـگاوی سـێیەمدا دەگاتـە سـەر کاری ڕسـتەکە، کارەکـە لـە هـەر دوو جەمسـەریەوە دوو تـۆڕی ڕێککەوتنـی شـوێنکەوتەیی پێشـکەش کـردووە، بەپێـی ئـەوەی ئەوانـەی لـە یادگەکەیـدا هەڵیگرتـووە لەگـەڵ یـەك جـووت و هاونیشـانەیان دەکات. بـەم پێیـە:

١. سیسـتەمی هێنـدەی مامەڵـە لەگـەڵ چەمکـی هەڵـی یەکەمـدا دەکات، هێنـدە لەسـەر پرسـی ڕێککەوتنـی دەسـتبەجێی ڕێککەوتنـە شـوینکەوتەییەکە ناوەسـتێت.

٢. ئـەو بەیەکداچوونـەی پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا، لـە نموونـەی یەکەمـدا دەردەکەوێـت، کاتێـك سیسـتەمی ژمێـرکاری بەسـەر پێکهێنـی (one / یەکێـك) دا کـەوت و کـۆدی سـیماکانی خوێنـدەوە، هـەردوو چەمکەکـەی لـە یـەك وەختـدا کەوتنـە بەردەسـت، هـەم یەکـەم هـەڵ و هـەم هەڵـی دەسـتبەجێیش.


کەواتـە: هـەر کاتێـك لێکسـیکۆن کارێکـی وای هێنایـە پێشـەوە، کـە ئەرگومێنتـی یەکەمـی بێسـیما بێـت، ئـەوا هیـچ دەرفەتێـك بـۆ چارەسـەرکردنی دەسـتبەجێی ڕێککەوتنـە شـوێنکەوتەییەکەی کار نابێـت، بۆیـە سیسـتەمی ژمێـرکاری

ئــەوەی دەکەوێتــە ســەر شــان، کــە شــوێنکەوتەییەکە لــە یادگــەدا هەڵگرێــت و لــە هەنگاونــان بــەردەوام بێــت تــا دەگاتــە یەکــەم هەلــی چارەســەرکردنی، جــاری واش هەیــە بــە قۆناغەکانــی دیکــەی هێڵــی کاتبەندیــدا زیاتــر شــۆڕ دەبێتــەوە.

**٢ - ٣ شۆڕبونەوەی ڕێککەوتن**

لــە هەندێــك ڕســتەدا سیســتەمی ژمێــرکاری ناتوانێــت ڕێککەوتنــە شــوێنکەوتەییەکەی کاری ڕســتەکە نــە لەگــەڵ ئەرگومێنتــی یەکەمــی کارەکــەدا، نــە لەگــەڵ ئەرگومێنتــی دووەمــی کارەکــەدا چارەســەربکات، بۆیــە لەســەر بنەمــای هەلــی یەکــەم، ڕێککەوتنەکــە لــە یادگەیــدا هەڵدەگرێــت و بــە قۆناغەکانــی هێڵــی کاتبەنــدی داتاشــینی ڕســتەکەدا شــۆڕ دەبێتــەوە، تــا ئــەو جێیەی تیایــدا هەلی یەکەمی چارەســەرکردنی ڕێککەوتنــە شــوێنکەوتەییەکەی بــۆ دەرەخسـێت. ئەمــە لــە ئینگلیزیــدا لــەو جــۆرە ڕســتانەدا ڕوو دەدات، کــە ئەرگومێنتــی یەکەمــی کارەکەیــان پەیکــەرە و ئەرگومێنتــی دووەمیشــیان ڕســتەیەکی چاوگــی.

سیســتەمی ژمێــرکاری لــە داتاشــینی ڕســتەیەکی وەك (there appears to be water on floor) دا چــوار هەنــگاوی پێویســتە تــا ڕێککەوتنــە شــوێنکەوتەییەکەی کار چارەســەر بــکات. ســەیری هەنگاوەکانــی ئــەم هێڵکارییــەی خــوارەوە بکــە (بڕوانــە: 99 - O' Grady 2005: 98):




هەنــگاوی یەکــەم: بەســتنەوەی کار بــە ئەرگومێنتــی یەکەمیــەوە، کــە پەیکــەرە. وشــەکە (*there*) هیــچ هەلێــك ناداتــە دەســت کارەکــە، تــا ڕێککەوتنــە شــوێنکەوتەییەکەی لەگــەڵ چارەســەر بــکات.

هەنــگاوی دووەم: بەســتنەوەی کار بــە ئەرگومێنتــی دووەمییــەوە، کــە ڕســتەیەکی چاوگییــە و (to) نوێنەرایەتــی دەکات، لــەم هەنگاوەشــدا (to) ئــەو پێکهێنــە نییــە، کــە هەلێك بداتــە دەســت کارەکــە، تــا ڕێککەوتنــە شــوێنکەوتەییەکەی لەگــەڵ چارەســەر بــکات.

هەنــگاوی ســێیەم: وێــڕای زیادبوونــی ئەرگومێنتــە کارییەکــەی (to) بــەڵام هێشــتا ئــەو هەلــە بــۆ سیســتەمەکە ڕێــك نەکەوتــووە تــا ڕێککەوتنــە شــوێنکەوتەییەکەی کاری (appears) ی پــێ چارەســەر بــکات.

هەنــگاوی چــوارەم: زیادکردنــی پێکهێنــی نــاوی (water) وەك ئەرگومێنتێکــی نــاو ڕســتە چاوگییەکــە بــۆ ڕســتەکە، ئیــدی لێــرەوە سیســتەمی ژمێــرکاری بەســەر یەکــەم هەلــدا دەکــەوێ تــا ڕێککەوتنــە شــوێنکەوتەییەکەی کاری (appears) ی پــێ چارەســەر بــکا.

لــە نێــوان کــوردی و ئینگلیزیــدا، جیاوازییێــك لــە پرســی شــۆڕبوونەوەی ڕێککەوتنــی شــوێنکەوتەییدا هەیــە، ئەویــش ئەوەیــە، کاتێــك لــە هەندێــك نموونــەی ئینگلیزیــدا، وەك ئــەوەی ســەرەوە، کار دەکەوێتــە ســەرەتا یــان پێــش کەرەســتە ناوییەکــە دێــت، پرســی ئــەم شــۆڕبوونەوەیە دێتــە پێشــەوە، ئەمــە لــە کوردیــدا ڕووکارێکــی دیکــەی هەیــە، چونکــە لــە کوردیــدا کەرەســتە ناوییەکــە هەمیشــە پێــش کار دەکەوێــت. ســەیری لێکدانــەوەی ڕێککەوتنــی شــوێنکەوتەیی ئــەم نموونەیــەی خــوارەوە بکــە:


(**ژنــی شــار**، بــە موســڵمان و جــوو و فەلــە و ئێزیــدی و پارســانەوە، بــە دەوری دوو گۆڕەکــەدا، کــە ئەگــەر هــی ئــەوان بــن، ســێ کەســی تێــدا نێــژراوە، بازنــەی شــینـ**یان** بەســتووە) (کاکــە، 2022: 201)،

لــەم ڕســتە ئاڵــۆزەی ســەرەوەدا، گرێــی (**ژنــی شــار**) وەك کەرەســتەیەکی نــاوی بــۆ ڕێککەوتنێکــی شــوێنکەوتەیی دەبێتــە ســیمای بنەڕەتــی بــە دوو ســیماوە (+ تاك / كۆ)، سیســتەمی ژمێــرکاری هــەردوو ســیماکە لــە یادگەیــدا هەڵدەگرێــت و بــە کەرەســتەکانی دواتــردا شــۆڕ دەبێتــەوە، تــا بــۆ هاونیشــانەکردنی لەگــەڵ شــوێنکەوتەکەیدا بــە ســەر هەڵــی یەکەمــدا ڕادەگات، چەنــد کەرەســتەی دیکــە دەبڕێــت، بــەڵام ناتوانێــت لەگــەڵ هیچ کامیانــدا هاونیشــانەی بــکات، تــا بەســەر جێنــاوی ســێیەمی کــۆی (**یــان**) ڕادەگات، کــە بەشــێکە لــە پێکهاتــەی کاری (**بەســتووە**)، بەمــەش تــۆڕی ڕێککەوتنەکــە بــە ســیمای کەســی ســێیەمی کــۆ تیــك دەکا، واتــە لــە کوردیــدا ســیمای بنەڕەتــی بــە دوای شــوێنکەوتەکەیدا دەگەڕێــت نــەك بەپێچەوانــەوە.

## ٢ - ٤ ڕێککەوتن و ڕۆنانە لێکدراوەکان

هەندێك جار ئەو کەرەستە یان پێکهێنەرەی لە ڕستەدا لەگەڵ کار ڕێك دەکەوێت مەرج نییە تاکە وشەیەك بێت، بەڵکو دەکرێت گرێیەکی لێکدراوی دوو کەرتی یان زیاتر بێت. داتاشینی ڕستەسازییانە ئەم جۆرە ڕۆنانانە لە پرسی ڕێککەوتندا بە ڕۆنانە لێکدراوەکان (*coordinate structure*) دادەنێت (O' Grady, 2005: 101).

دروستبوونی ڕۆنانە لێکدراوەکان لەسەر پێکهاتەی ناوەوەی خودی ڕۆنانەکە دەوەستێت. سیستەمی ژمێرکاریی ڕۆنانەکە بە دوو هەنگاو دادەتاشێت، وەك لە خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:




هەنگاوی یەکەم بریتییە لە بەستنەوەی تای یەکەمی ڕۆنانەکە بە بەستەری دوو تایەکەوە. هەنگاوی دووەمیش بریتییە لە بەستنەوەی بەستەرەکە بە تای دووەمی ڕۆنانەکەوە. لەم دوو هەنگاوەشدا، کە تیایدا پێکهاتەی ناوەوەی ڕۆنانە لێکدراوەکانی نواندووە:

١- ڕۆنانەکە چونکە بە هۆی بەستەری (and / و) ەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، هەردوو تای ڕۆنانەکە هاوتان لەو نرخەی لە ڕۆنانەکە پێیان دەدرێت.

٢- مەرج نییە هەردوو تای ڕۆنانەکە لە ژمارە و کەس و ڕەگەزدا هاوبەشبن.

٣- لە ڕۆنانەکەدا بەستەری دوو تایەکە بە (*functor*) دادەنرێت، بەمەش هاوشێوەی کار تۆڕێکی ئەرگومێنتی دەبێت، کە تیایدا دوو کەرەستەی ناوی دەگرێتەخۆی.


### ٢ - ٥ بنەمای شوێن لە ڕێککەوتندا:

لە ڕۆنانە لێکدراوەکان (Coordinate Structures) دا، ڕێککەوتنی نێوان سیمای بنەڕەتی (بکەر) و سیمای شوێنکەوتە (کار) لە سەر بنەمای شوێن، بە دوو جۆر دەبینرێت:


١. یان سیمای بنەڕەتی (بکەر) دەکەوێتە پێش سیمای شوێنکەوتە (کار) ەوە.

٢. یان سیمای شوێنکەوتە (کار) دەکەوێتە پێش سیمای بنەڕەتی(بکەر) یەوە

لە دوو هێڵکارییەکەی خوارەوەدا، هەردوو جۆرەکە بە ڕوونی خراونەتە ڕوو:





کاری ڕستەکە (*is*) ە، سیمای سێیەمی تاکی هەڵگرتووە، سیستەمی ژمێرکاریی ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکەی لەسەر بنەمای یەکەمین هەل، لەگەڵ تای یەکەمی ڕۆنانەکەدا چارەسەر کردووە.





هێڵکارییەکە دەریدەخات، هەردوو تای ڕۆنانەکە سیمای کەسی سێیەمی تاکیان هەڵگرتووە، سیستەمی ژمێرکاریی هەردوو تایەکەی بەیەکەوە بە کۆ داناوە، کارەکەش هەمان سیمای سێیەمی کۆی هەیە، بۆیە ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکەی کار (are) لەگەڵ کۆی ڕۆنانەکەدا دەبێت.


جیاوازیی سەرەکی لە نێوان دوو هێڵکارییەکەدا ئەوەیە، ئەگەر ئەو کەرەستە ناوییەی لەگەڵ سیمای شوێنکەوتەییەکەی کار ڕێك دەکەوێت، بکەوێتە لای چەپی کارەکەوە بە شێوەیەك ڕەفتار دەکات جیاوازە لەوەی بکەوێتە لای ڕاستی (O'Grady, 2010: 271 - 272). لەم نموونانەی خوارەوەدا وردەکاریی زیاتر لەسەر هەردوو جۆرەکە خراوەتە ڕوو:




وەك لە هێڵكارییەكەدا دیارە، كاری ڕستەكە، كە ڕێككەوتنە شوێنكەوتەییەكەی هەڵگرتوە (is) ی كەسی سێیەمی تاكە، ڕۆنانە هاوتاكە گرێیەكی لێكدراوی دوو كەرتییە، هەردوو كەرتەكە هەمان نرخی سینتاكسییان لە داڕشتەی ڕستەكەدا هەیە، بەڵام لیكسیكۆن لە چوارچێوەی پێكهێنەكانی ڕستەكەدا، كاری (is) ی خستۆتە بەردەست سیستەمی ژمێركارییەوە، سیستەمەكەش، كە دەگاتە سەر بەستنەوەی ڕێككەوتنە شوێنكەوتەییەكەی كار بە بكەرەكەیەوە، بەپێچەوانەی بنەماكانی ڕێزمانی بەندیەتییەوە، مامەڵە لەگەڵ كەرتی یەكەمی ڕۆنانە هاوتاكەدا دەكات نەك كۆی ڕۆنانەكە، بەمەش لە ڕۆنانەكەدا تەنیا پێكهێنی (paper) چۆتە ناو ڕێككەوتنەكەوە، لە كاتێكدا ڕۆنانەكە لە ناساندنیدا تایبەتمەندییەكانی كەسی سێیەمی كۆی هەیە.




بەپێچەوانەوە، ئەگەر كەرتی یەكەمی ڕۆنانە هاوتاكە سیماكەی سێیەمی كۆ بێ، ئەوا لێكسیكۆن كاری (are) دەخاتە بەردەست سیستەمی ژمێركارییەوە، بەمەش سیستەمەكە تایبەتمەندیی سێیەمی كۆی ڕێككەوتنە شوێنكەوتەییەكەی كار لەگەڵ هەمان تایبەتمەندیی دووەم ئەرگومێنتی كارەكە جووت دەكات و دەنوێنێت. لە بابەت جۆری دووەمیشیانەوە سەیری ئەم دوو هێڵكارییە و شیكردنەوەكانی بكە:




لە هەر دوو هێڵكارییەكەی سەرەوەدا، كەرتی یەكەمی ڕۆنانە لێكدراوەكە، لە لێكسیكۆنەوە سیمای سێیەمی تاكی لەگەڵ خۆی هێنابێت یان كۆ، سیستەمی ژمێركاری بەپێی بنەمای ڕێزمانی بەندیەتی دەجووڵێتەوە و مامەڵە لەگەڵ كەرتەكانی ڕۆنانە لێكدراوەكەدا ناكات، بەڵكو مامەڵە لەگەڵ كۆی ڕۆنانەكەدا دەكات.

لە هێڵكاریی یەكەمدا، هەردوو كەرتی ڕۆنانەكە سیمای سێیەمی تاكیان هەیە، بەڵام كۆی ڕۆنانەكە سیمای سێیەمی كۆی هەیە، لە هێڵكاریی دووەمیشدا ئەگەرچی كەرتی یەكەمی ڕۆنانەكە سیمای سێیەمی كۆی هەیە و كەرتی دووەمیش سێیەمی تاك، بەڵام وەك لە نواندنەكەدا دیارە سیستەمەكە هەموو ڕۆنانەكەی بەیەكەوە وەرگرتووە، كە سیمای سێیەمی كۆی هەڵگرتووە.

لە هەردوو نواندنەكەدا، سیستەمی ژمێركاری لەسەر دوو بنەما ڕەفتاری كردووە:

1- شوێنی كارەكە: ئەگەر ڕستەكە بە سەر لای ڕاست و چەپدا دابەش بكرێت، ئەوا لە سیستەمی ڕیزبوونی كەرستەكاندا، ڕستەی ئینگلیزی هەردوو ئەگەری لێ دەكەوێتەوە، (سیمای بنەڕەتی پێش سیمای شوێنكەوتە) و ( سیمای شوێنكەوتە پێش سیمای بنەڕەتی). بەمەش ئەگەر كەرەستە ناوییەكە بكەوێتە لای چەپی ئەو پێكهێنەی لەگەڵیدا ڕێك دەكەوێت، ئەوا كردەكانی سیستەمی ژمێركاری ڕێككەوتنی كەرتی (*partial agreement*) لێ دەكەوێتەوە و بەپێی سیماكانی كەرتی یەكەمی ڕۆنانە لێك دراوەكە ڕەفتار دەكات، بەپێچەوانەوە ئەگەر كار وەك سیمای شوێنكەوتە بكەوێتە لای ڕاستی كەرەستە ناوییەكە، ئەوا لەگەڵ تەواوی ڕۆنانە لێكدراوەكەدا ڕێك دەكەوێت، بەمەش ڕێككەوتنی كەرتی لێ ناكەوێتەوە.

2- كاریگەرییەكانی توانست: سیستەمی ژمێركاری هەمیشە لەژێر كاریگەری و داواكارییەكانی لێكسیكۆندا دەبێت، چونكە ئەو چی خستبێتە بەردەست ئەویش لەسەر بنەمای پێداویستی و داواكارییەكانییەوە، ڕێككەوتنەكە چارەسەر دەكات، هەر ئەمەشە ئۆگرێیدی لەسەر ڕەتكردنەوەی ڕێزمان و هێنانە پێشەوەی چەمكی زمانی بێڕێزمان ڕژد كردووە.

لە كوردیدا، هەردوو جۆرەكە، بەو شێوەیەی لە

ئینگلیزیـدا بەرچـاو دەكـەون، لـە ڕسـتەی ئاسـاییدا نابینرێـن، چونكـە ئـەم جـۆرە لـە ڕێككەوتنـە كەرتییـە تەنیـا لـە چوارچێـوەی ئـەو ڕسـتانەدا دەبینرێـت، كـە لـە جوغـز و كۆنتێكسـتی توانسـتێكی ئەدەبیـدا بەرهـەم دێـن و ڕێگاپێـدراون.

لـە ڕێككەوتنـی ئـەو جـۆرە ڕۆنانانـەدا، شـوێن (*locality*) كاریگەریـی خـۆی بەسـەر جـۆر و میكانیزمـی ڕێككەوتنەكـەوە هەیـە، چونكـە لـە هەندێـك ڕسـتەدا دەكرێـت سـیمای بنەڕەتـی (بكـەر) بكەوێتـە پێـش سـیمای شـوێنكەوتە (كار)، لـە هەندێـك ڕسـتەی دیكەشـدا دەشـێت سـیمای شـوێنكەوتە (كار) بكەوێتـە پێـش سـیمای بنەڕەتـی (بكـەر)، لـەم حاڵەتـەدا سیسـتەمی ژمێـركاری ڕێككەوتنێكـی كەرتـی (*partial agreement*) دەهێنێتـە پێشـەوە، چونكـە لەسـەر بنەمـای (چـەپ و ڕاسـتی كار) بـە دوو شـێوە ڕەفتـار دەكات، لـە خـوارەوەدا بـە دوو نموونـە كاریگەریـی شـوێن، یـان بـە واتایەكـی دیكـە بڵێیـن ڕێككەوتنـی كەرتـی وەك میكانیزمەكانـی كاركردنـی سیسـتەمەكە ڕوون دەكەینـەوە.


وەك ئاماژەمـان پێـی دا، لـە كوردیـدا، ڕێككەوتنـی كەرتـی لـە دەقـە شـیعرییەكاندا زیاتـر بەرچـاو دەكەوێـت تـا دەق و ئاخاوتنـی ئاسـایی سـەر زار، هـۆكاری سـەرەكی لەمـەدا زیاتـر بـۆ توانسـتە ئەدەبییەكـە دەگەڕێتـەوە، سیسـتەمی ژمێـركاری بـۆ بەسـتنەوە و چارەسـەكردنی ڕێككەوتنەكـە دوو ئەگـەری لەبەردەمـدا دەبـێ: یـان دەبێـت سـیما شـوێنكەوتەییەكە لـە یادگـەدا هەڵگرێـت تـا ئـەو كاتـەی هەلێكـی لەبـاری بـۆ دەڕەخسـێت ئینجـا ڕێككەوتنەكـە ڕابگەیەنێـت، یـان دوو كەرەسـتەكە (سـیمای بنەڕەتـی و سـیمای شـوێنكەوتەیی) لەگـەڵ یـەك ببەسـتێتەوە و لەسـەر هەلـی گونجـاو ڕانەوەسـتێت، چونكـە جـاری وا هەیـە سیسـتەمەكە هـەر ئـەو هەلـەی بـۆ ڕێـك دەكەوێـت.

**وەها هەسـتا بە باڵی جازیبەی قودڕەت، لە نیوەی ڕێ**

**بەجێما ئەسپ و پەیك و ڕەفڕەف و ئەم چەرخی دەورانە**

(نالی، ١٩٧٦: ٥١٤)

لـە لەتـی دووەمـی دێـرە شـیعرەكەدا كاری ڕسـتەكە (**بەجێـما**) سیمایەكی شوێنكەوتەیی بە (+تاك) پیشـكەش دەكات، سیسـتەمی ژمێـركاری كـە بـە سـەری ڕادەگات، سـیماكەی وەردەگرێـت، تـا لەگـەڵ سـیمایەكی بنەڕەتـی گونجـاوی كەرەسـتەیەكی نـاوی چارەسـەری دەكات، سیسـتەمەكە هـەر دوای ئـەوەی لـە تخوبـی كارەكـە تێدەپـەڕێ، هەلێكـی بـۆ ڕێـك دەكەوێـت تـا سـیما شـوێنكەوتەییەكە لەگـەڵ سـیمای كەرەسـتەیەكی نـاوی وەك (**ئەسـپ**) جـووت بـكات كـە هەمـان سـیمای (+تاك) ی هەیـە، ئـەوە لەبەرچـاو ناگرێـت بـەردەوام بێـت، تـا بزانێـت ئاخـۆ ئـەو كەرەستە ناوییـە هیـچ كەرەسـتەیەكی دیكـەی لـە قاڵبـی پێكهاتەیەكـدا شـەتەكدراوە یـان نـا، بەمـەش ڕێككەوتنێكـی كەرتـی لـێ دەكەوێتـەوە، وەك لـە خـوارەوەدا خراوەتـە ڕوو:




وەك لـە هێڵكارییەكـەدا دیـارە، كار (سـیمای شـوێنكەوتە) كەوتۆتـە لای ڕاسـتەوە و كەرسـتەكەش (سـیمای بنەڕەتـی) كەوتۆتـە لای چـەپ، كەچـی سیسـتەمی ژمێركاریـی سـیمای شـوێنكەوتەیی كاری بـە (+سێیەمی تاك) هەڵگرتـووە، بۆیـە كـە بەسـەر سـیمای بنەڕەتییـەكان ڕادەگات، ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ یەكـەم كەرەسـتە ڕێـك كەوتـووە، ڕانەوەسـتاوە تـا هەمـوو كەرەسـتەكان لەگـەڵ یـەك كـۆ بكاتـەوە، بەمـەش پێچەوانـەی ڕێزمانـی بەندیەتـی جووڵاوەتـەوە.

**كـاتبی خێر و شـەڕی عوشـشاقە بۆ وەصڵ و فیراق**

**لوطف و قەهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەكا**

(نالی ١٩٧٦: ١١٠)




وەك لـە هێڵكارییەكـەدا دیـارە، كەرەسـتەكان (سـیما بنەڕەتییـەكان) كەوتونەتـە پێـش كارەكـەوە، سیسـتەمی ژمێـركاری كـە كەرەسـتەكان (سـیمای بنەڕەتییـەكان)ی یـەك بـە دوای یـەك بڕیـوە، بـە دوو سـیما هەڵیگرتـون، بـە تـاك و بـە كـۆ، كـە گەیشـتۆتە سـەر كارەكـە، دەبینێـت كارەكـە لـە


لێکسیکۆنەوە سیمای تاکی پێ دراوە، بۆیە ئەویش ناچارە ڕێککەوتنەکە بە تاك (+ سێیەمی تاك) چارەسەر بکات. ئەمەی سەرەوە ئەوە ناگەیەنێت، کە نموونەی پێچەوانەش نەبێت، بەڵکو لە نموونەی دیکەدا سیستەمەکە لەژێر کاریگەریی داواکارییەکانی (فەرهەنگ) ەوە بە پێچەوانەوە کاری کردووە.

**قوربان مەحاڵە پێکەوە بن سەبر و ئیشتیاق**

**خاریج لە نەصصی ئایەیە تەکلیفی (لا یطاق)**

(نالی ١٩٧٦: ٢٤٨)

سیمای شوێنکەوتەیی (کاری ڕستەکە) پێش سیمای بنەڕەتی (کەرەستەی ناوی) کەوتووە، بەڵام وەکو نموونەکەی پێشتر لێك نادرێتەوە، چونکە سیستەمی ژمێرکاریی کەرەستەکانی بەردەستی لۆژیکیترن و سیمای شوێنکەوتەیی کارەکە کۆیە بەمەش سیستەمەکە کەرەستە ناوییەکان لەگەڵ یەك کۆ دەکاتەوە. وەك لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:




دەبووایە هەر کاتێك چەند سیمایەکی بنەڕەتی لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکدا دەکەونە پێش سیمایەکی شوێنکەوتووەوە، سیستەمی ژمێرکاری هەموو سیماکان لەگەڵ یەك کۆ بکاتەوە و کۆی سیماکان بە یەك کەتیگۆری هەڵگری سیمایەکی (+کۆ) لەگەڵ شوێنکەوتەکەیان چارەسەر بکات. ئەم تایبەتمەندییەی سیستەمەکە دوو سەرەیە، چونکە نموونەی جیاواز بۆ هەردوو حاڵەتەکە هەیە.

دەستی چناری ڕووت و سەری شاخ و لێوی گوڵ

ڕازانەوە بە خەڵعەتی دیبا و بەرگ و توك

(نالی ١٩٧٦: ٢٥٧)





وەك لە لێکدانەوەکەی سەرەوەدا دیارە، سیستەمی ژمێرکاریی ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە هەردوو سیماکان کۆن، کۆی سیما بنەڕەتییەکە لە ئەنجامی کردەی کۆکردنەوەی سێ سیمای تاکەوە هاتووە، لە کاتێکدا کەرەستەکان (سیما بنەڕەتییەکان) پێش کارەکە (سیما شوێنکەوتەکە) کەوتوون، دەکرێت حاڵەتی پێچەوانەش هەبێت، وەك لەو نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

دەسبەندیانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن

صاحێب کولاە و سایە و بەرگن وەکو مولوك

(نالی ١٩٧٦: ٢٥٧)




هەردوو سیماکە کۆن، کۆی سیما بنەڕەتییەکە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی دوو سیمای تاکەوە هاتووە، لە کاتێکدا کار (سیما شوێنکەوتەکە) پێش کەرەستە ناوییەکە (سیما بنەڕەتییەکان) کەوتووە.

بەپێی ئەوەی سیستەمی ژمێرکاری تەنیا ئەوەی لەسەرشانە، کە ئەو ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەی وەکو داواکاری لە لێکسیکۆنەوە پێی دەگا ڕایی بکات، ڕێککەوتنەکە لۆژیکی و ڕێزمانی بێتەوە یا نا، ئەوە کاری خودی سیستەمەکە نییە، چونکە ئەگەر ڕێزمانیش نێتەوە ئەوا لێکدانەوەکەی ڕەوانەی لای سیستەمی پراگماتیك دەکرێت، پراگماتیکیش ڕێوشوێنەکانی ڕێککەوتنەکە لێك دەداتەوە، لێکدانەوەکەش لە چوارچێوە و جوغزی توانستە ئەدەبییەکەدا زیاتر بۆ هۆکاری ڕێك گونجاوی (هارمۆنیا) و کێش و سەروا و جوانکاری (ئیستاتیکا) و هۆکارە ئەدەبییەکانی دیکە دەگەڕێتەوە.

**ئەنجامەکان:**

١- ئەگەر لە ئینگلیزیدا، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی کار چارەسەر بکات یان بە پێچەوانەوە، بۆ سیستەمی ژمێرکاریی ئاسایی بێت، کە سیما

شــوێنکەوتەییەکان هەڵبگرێــت و بــە دوای ســیمای بنەڕەتییەکانــدا بگەڕێــت، ئــەوا زمانــی کــوردی تەنیــا لــەو ڕســتانەدا ڕێــگا بــەوە دەدات، کــە بــە توانســتێکی ئەدەبــی بەرهــەم هاتــوون، چونکــە لــە ڕســتەی ئاســاییدا، سیســـتەمی ژمێـــرکاری هەمیشـــە ســـیما بنەڕەتییـــەکان هەڵدەگرێـــت و بـــە دوای شـــوێنکەوتەکەیاندادەگەڕێـــت.

٢- بەپێــی ئــەوەی کــوردی دەکەوێتــە خانــەی زمانــە تێکچــڕژاوەکان (incorporating) ەوە و بەمــەش کار دەکەوێتــە جوغــزی فۆڕمێکــی مۆڕفۆسینتاکســییەوە، بۆیــە لــە ڕێککەوتنــی نێــوان بکــەر (ســیما بنەڕەتییــەکان) و کار (ســیما شــوێنکەوتەییەکان) دا ڕێککەوتنــە شــوێنکەوتەییەکەی ڕوونــتر دەردەکەوێــت تــا ئینگلیــزی، کــە تیــۆری داتاشــینی ڕستەســازییەکەی پــێ نووسراوەتــەوە، هــۆکاری ســەرەکیش لەمــەدا بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە، کــە پێکهاتــەی مۆفۆسینتاکســیی کار لــە یــەك کاتــدا هــەر ســێ ســیمای (کات، کــەس، ژمــارە) هەڵدەگرێــت.

٣- لــە زمانــی کوردیــدا، هەندێــك لــە ڕســتەکان، بەهــۆی ئــەوەی لــە بنــزار و زارەکانــەوە دێــن و هێشــتا دۆخەکانیــان تێــدا بەتــەواوی کاڵ نەبۆتــەوە، بۆیــە سیســتەمی ژمێــرکاری ڕووبــەڕووی ئــەوە دەبێتــەوە، کــە دەبێــت لــە پــاڵ ڕێککەوتنــی شــوینکەوتەیی کار / بکــەر ڕێککەوتنــی ئێرگەتیڤیــی شــوێنکەوتەیی بــەرکار / کاریــش چارەســەر بــکات.

٤- ئــەو ڕێککەوتنــە کەرتییــەی لــە کوردیــدا، بــە توانســتێکی ئەدەبییــەوە، لــە ڕۆنانــە لێکدراوەکانــدا دەکەوێتــەوە، جیــاوازە لــەوەی لــە ئینگلیزیــدا دەکەوێتــەوە، چونکــە ســیما بنەڕەتییــەکان بکەونــە پێش سیما شوێنکەوتەییەکانیشــەوە، مــەرج نییــە سیســتەمی ژمێــرکاری هەمــوو ســیماکان بــە یەکــەوە کــۆ بکاتــەوە ئینجــا لەگــەڵ ســیمای شــوێنکەوتەییەکان چارەســەریان بــکات، ئەمــەش ئــەوە دەســەلمێنێ، کــە سیســتەمی ژمێرکاریــی بەتــەواوی لەژێــر داواکارییەکانــی توانســت (فەرهەنــگ) دا دەجووڵێتــەوە، نــەك لەســەر بنەمــای پەیوەندییــە ڕێزمانییە پێشــوەختەکان، بەمــەش ئــەو تێــزەی کــە ئۆگرێــدی لەبــارەی (چەمکــی زمانــی بێڕێزمــان) هەڵیگرتــووە، بــە نموونــەوە لــەو جــۆرە ڕســتانەی کوردیــدا دەبینرێــن، کــە توانســتێکی ئەدەبــی بەرهەمــی هێنــاون.


**سەرچاوە کوردییەکان:**

١- مــارف، ئەوڕەحــمان حاجــی (١٩٩٨) ڕێزمانــی کــوردی – ژمــارە و کــردار، بەرگــی یەکــەم – وشەســازی، بەشــی چــوارەم، دەزگای ڕۆشــنبیری و بڵاوکردنــەوەی کــوردی، بەغــدا.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

-1 Crystal, David (1992) *An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages*, First Published, Blackwell Reference.

-2 Lehmann, Christian (1988) *On the function of agreement* (Barlow, Michael & Ferguson, Charles, Agreement in natural language. Approaches, theories and description, Stanford, Center of the Study of Language and Information, P: 65 - 55)

-3 O'Grady, William (2005) *Syntactic Carpentry, An Emergentist Approach to Syntax*, Lawrence Erlbaum Associates Publishers, London.

2008)....................... -4) *Language Without Grammar*, (Robinson, Peter & Ellis, Nick C., Handbook of Cognitive Linguistics and Second Language Acquisition, Rutledge Taylor & Francis Goup, New York & London, P: 167 - 139)

2010)....................... -5) *An Emergentist Approach to Syntax* (Heine, Bernd & Narrog, Heiko, The Oxford Handbook of Linguistic Analysis, Oxford University Press, P: 283 - 257)

-6 Ravera, Sergio Balari (1992) *Tow Types of Agreement* (Catalan Working Papers in Linguistics- CWPL, Universitat Autonoma de Barcelona, P: 43 - 1)

سەرچاوەی نموونەکان:

١- نالــی (١٩٧٦) دیوانــی نالــی – لێکۆڵینــەوە و لیکدانــەوەی مــەلا عەبدولکەریمــی مودەڕیــس فاتیــح عەبدولکەریــم، چاپخانــەی کــۆڕی زانیاریــی کــورد، بەغــدا.

٢- کاکــە، کەریــم (٢٠٢٢) حەســەن و مریــەم – داســتانی بەســتی هەنگویــن، ڕۆمــان، چاپــی یەکــەم، ناوەنــدی ڕۆشــنبیریی مــەم و زیــن.

**ملخص**

تعتبر نظرية (التخريم النحوي) كمستخلص او نتاج لأراء وليم اوجريدي و التي تقدم بعرضها خلال سنوات ٢٠٠٥ - ٢٠١١ في اطار كتاب و عدة بحوث متتالية. بما ان ميدان النظرية هي النحو، لذا تكون الجمل و العبارات مواد تحليلاتها الرئيسية. قدم اوجريدي بعض النقاط في سياق التوافق (agreement) و التي تختلف عن الاراء و النظريات السابقة. تقف هذه الورقة والتي تحمل عنوان (التوافق في التخريم النحوي) بأمثلة كوردية و الانجليزية على نقطتين رئيسيتين: مدى امكانية تطبيق النظرية على اللغات اخرى غير انجليزية اولآ, لآن اوجريدى وضع نظريته على خصوصيات اللغة الإنجليزية، و ماهي الاختلافات و الملاحظات الرئيسية التي نلاحظها عند تطبيق النظرية على اللغة الكوردية ثانيا.

**الكلمات الرئيسية:** التخريم النحوي، التوافق التبعي، الميزات الاساسية، الميزات التبعية، التوافق الجزئي.



## Abstract:

The theory of (Syntactic Carpentry) is consider as a product of William O'Grady's views, which he presented during 2005 – 2011 in a book and several consecutive researches. Since the field of the theory is syntax, so sentences and phrases are the main subjects of its analysis. In this framework, O'Grady presented some points through agreement that differ from previous theories.

This paper, which is (Agreement in Syntactic Carpentry), its title, with some examples in Kurdish and English focuses on tow main points: first, the extent to which the theory can be apply to the other language except for English, because O'Grady put his theory on the properties of English language. Second, what are the main differences and observations, which we notice when we applying the theory to the Kurdish language.

**Key words:** Syntactic Carpentry, Agreement Dependency, Basic Features, Dependent Features, Partial Agreement